ئەنجومەنی گەنجانی میدیا لەهۆڵەندا

## جەژنتان پیرۆز بێت

سڵاو لە کوردستان. . . سڵاو لە گەنجی کورد،
گەنجانی خۆشەویست و کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان جەژنتان پیرۆز بێت و هەر لە جەژنا بن، بەڕێزان بەپێوستی دەزانین بە ناوی سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنەکەمان و لیژنەی بەڕێوەبەری ئەنجومەنی گەنجانی میدیا لە هۆڵەندا پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی هەموو لایەک بکەین و هیوای شادی و کامەرانیتان بۆ بخوازین.
بەڕێزان هەر بەم بۆنەیەوەش جەژنی هەڤاڵی تێکۆشەر" بەڕێز مام جەلال" ی سەر کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرجەم پارت و ڕێکراوەکان پیرۆز دەکەین. ئاواتە خوازین خەباتی هەموومان لە داهاتوودا لە پێناو خاکی پیرۆزی کوردستان بێت و قبول نەکەین بستێک خاکی کوردستان لە ژێر دەستی داگیر کەران بمینێت.

گەنجانی خۆشەویست حەزدەکەین مژدەی ئەوەتان پێڕا بگەیەنین کەوا ئەنجومەنەکەتان خەریکی خۆ ئامادە کردنە بۆ کۆمەڵێک کار و چالاکی جیا جیا لە هەموو بوارەکان بە گشتی و بواری کۆمەڵایەتی بە تایبەتی، جێگەی ئاماژە پێکردنیشە لە بەرواری 2005/11/13 بە هاوکاری یانەی کوردی میدیا و ئەنجومەنی گەنجان و نوێنەری ڕێکخراوی کەم ئەندامان لە هۆڵەندا ئاهەنگێکی تایبەت لە شاری ئەمستڵفەین ساز دەکرێت بە ئامادە بوونی چەند هونەرمەندێکی ڕەسەن، داهاتی ئاهەنگەکەش دەکرێتە دیاری بۆ جەژنانەی کەم ئەندامانی کوردستان کە ئەمەش بیرۆکەی نوێنەرەکەیان بوو لە هۆڵەندا، جا هیواداریین و داواکارین لە بەڕێزتان کەوا بەشداری لەم بۆنەیە بکەن.
ئیتر دوو بارە هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەخوازین و جەژنی هەموو شمان پیرۆز.
بژی کورد. . . بژی کوردستان. . . شەکاوەبێت ئاڵای کوردستان.
لیژنەی سەر پەرشتیکاری ئەنجومەنی گەنجان لە هۆڵەندا